Landstinget Kronoberg

ئەگەر پێویست بوو ئێوە دەتوانن لە خزمەتگوزاریی وەرگێرانی زارەکی کەڵک وەرگرن. کاتێ کە چاوپێکەوتن لەگەڵ ئێوە ڕێکدەخرێت، تکایە ئێمە لە پێویستی خۆتان بۆ وەرگێڕی زارەکی ئاگادار بکەنەوە. پاشان کارگێڕانی چاودێریەکانی تەندروستی بۆ ئامادەبوونی وەرگێڕی زارەکی لە کۆمپانیایەکی وەرگێران کاری پێویست جێبەجێ دەکەن.

## دۆسیەکانی نەخۆشی ئێوە و زانیاریی تاکەکەسی

بە مەبەستی چارەسەریی شیاو و دڵنیا، لەبەردەستدابوونی زانیاریی ناو دۆسیەکانی نەخۆش کارێکی پێویستە. وێرای ئەوە، لەبۆ گەرەنتی چۆنایەتی چاک، دڵنیابوونی نەخۆش و کۆنترۆڵی بەدواداچوون زانینی وەها زانیاریگەلێک پێویستە. زانیاریەکانی ناو دۆسیەی نەخۆش بریتی لە چاولێکردنەکان و چارەسەریەکان، ئەو نەخۆشیانەی کە تووشیاریان بووە (پێشینەی پزیشکی)، و هەندێ زانیاریی پێوەندیدار بە پێشینەکانی خەواندن لە نەخۆشخانەیە.

### دۆسیە جەموجۆر و یەکدەستەکان

ئێمە وەکو پسپۆڕی تەندروستی لەم زانیاریە جەموجۆر و یەکدەستانە کەڵک وەردەگرین؛ ئەمە بەو واتایە کە ئێمە و هاوکارانی ئێمە لەو ناوەندانەیدا کە ئێوە لەبۆ وەرگرتنی چاودێریی پزیشکی سەردانیانتان کردوون، دۆسیەکانی دیکەی پسپۆڕانی تەندروستی – لێژنەکانی ئەنجومەنی کەرت، شارەداریەکان و پێشکەشکارانی چاودێریی چارەسەرکردنی تایبەتیمان لە بەر دەستدایە. مەبەست لەم کارە هاسان کردنەوەی لێکدانەوەی تەواوی پێوەندیدار بە پێشینەی پزیشکی و پێویستیەکانی چاودێریی تەندروستی ئێوەیە.

بەتەنیا کارگێرانی پزیشکی لەسەر بنەمای پێوەندی کارگێر/نەخۆش لەگەڵ ئێوە و بە مەبەستی پێشکەشکردنی چاودێریی پزیشکی شیاو و دڵنیا دەتوانن دۆسیەکانی ئێوە لەبەردەستیان بێت. ئەم بابەتانە هەموو لێژنەکانی ئەنجومەنی کەرت، شارەوانیەکان و پسپۆڕانی تەندروستی تایبەتی کە سەردانی لایانتان کردووە لەبەر دەگرێت. هیچکام لە کارگێرانی چاودێریی پزیشکی مافی ئەوەیان نییە بێ ڕێگەپێدانی ئێوە دۆسیەکانی پێوەندیدار بە ئێوە پێشکەشی دیکەی پێشکەشکارانی چاودێریی چارەسەریی بکەن.

ئێوە مافی ئەوەتان هەیە کە ئەندامی سیستەمی دۆسیە یەکدەستەکان نەبن.

### بژاردەی بەرگیری لە دەستڕاگەیشتن بە زانیاریەکان

ئەگەر نەتانەوێت دەتوانن لە پێشکەشکردنی هەندێ زانیاریی بۆ دیکەی پسپۆڕانی تەندروستی بەرگیری بکەن؛ هەروەها دەتوانن لە هەر کاتێکدا ئەوە هەڵوەشێننەوە تاکو زانیاریی لەبەرچاوگیراو بکەوێتە بەردەستی کەسانی ڕێگەپێدراو. سەبارەت بە منداڵان و کەسانی لاو یاسای تایبەت هەیە. ئەگەر سەرپەرشتن، مافی ئەوەتان نییە بۆ لەبەردەستدابوونی زانیاریی ناو دۆسیەکانی منداڵ بەرگیری بکەن. ئەگەر تەمەنتان ژێر ١٨ ساڵە دەتوانن کاتی گەیشتن بە تەمەنی ١٨ ساڵانی بۆ لەبەردەستدابوونی زانیاریی ناو دۆسیەکانی خۆتان بەرگیری بکەن.

### چ کەسێک لە نێوەڕۆکی دۆسیەکەی من ئاگادارە؟

بەتەنیا کارگێرانی پزیشکی لەسەر بنەمای پێوەندی کارگێر/نەخۆش لەگەڵ ئێوە دەتوانن زانیاریەکانی ناو دۆسیەکانی ئێوەیان لە بەردەستدا بێت. سەبارەت بە دەرخستن و چاودێریی ڕێگەپێنەدراو، هەموو کارگێرانی چاودێریی پزیشکی ئەو ئەرکەیان لەسەر شانە کە لە زانیاریی نهێنی تاکەکان پاریزگاریی بکەن. کەسانێ کە ئاگادارن لەسەر نێوەڕۆکی دۆسیەکانی ئێوە بە ڕەحەتی دەکرێت بناسرێن، و ئێوە مافی خۆتانە بزانن ئەوانە چ کەسانێکن. ئەنجومەنی کەرت هەندێ نموونەی کتوپڕی کە دووپات دەکرێنەوە و ڕێکخراون لە تۆماری دۆسیەکان جێبەجێ دەکات. ئەگەر دەتانەوێت، لەبۆ وەرگرتنی ریزبەندی تۆمارکردنی ڕووداوەکانی پێوەندیدار بە دۆسیەکانی خۆتان پەیوەندی بکەن بە نوێنەری پاراستنی زانیاریەکانی خۆتانەوە.

لەبۆ چارەسەرکردنی هەرجۆرە نادیاریەک لە دۆسیەکانی خۆتاندا و ڕوونکردنەوەی پێوەندیدار سەردانی لای کارگێرانی پزیشکی بکەن. ئەگەر وادەزانن کە زانیاریەکان نادروستن، لە نووسینگە پێوەندیدارەکاندا دەکرێ تۆمار بکرێت.

Landstinget Kronoberg

ئەگەر پێویست بوو ئێوە دەتوانن لە خزمەتگوزاریی وەرگێڕانی زارەکی کەڵک وەرگرن. کاتێ کە چاوپێکەوتن لەگەڵ ئێوە رێکدەخرێت، تکایە ئێمە لە پێویستی خۆتان بۆ وەرگێڕی زارەکی ئاگادار بکەنەوە. پاشان کارگێڕانی چاودێریەکانی تەندروستی بۆ ئامادەبوونی وەرگێڕی زارەکی لە کۆمپانیایەکی وەرگێڕان کاری پێویست جێبەجێ دەکەن.

## روونووسەکانی پێوەندیدار بە دۆسیەکانی ئێوە

ئەگەر دەتانەوێت هەندێ روونووستان لە دۆسیەکانی خۆتان هەبێت بە دانی بڕێکی دیار پارە دەتوانن ئەوانە وەرگرن. ئەگەر پزیشکەکەی ئێوە رێگە نادات بۆ دابینکردنی روونووسی دۆسیەکانی ئێوە، دەتوانن بە شێوەی نووسراوە دادگای پێداچوونەوەی پێوەندیدار بە فەرمانگە لە یانکوپینگ/یونشوپینگ (Jönköping) ئاگادار بکەنەوە. ئەگەر دەتانەوێت دۆسیەکانی ئێوە لە نێو بچن دەتوانن کەرتی تەندروستی و ئاسوودەیی نیشتمانی هەڵکەوتوو لە شاری مالمۆ (Malmö) ئاگادار بکەنەوە و داوای سڕینەوەی ئەوانە بکەن.

## زانیاریی تاکەکەسی ئێوە

بەپێی یاسای پاراستنی زانیاریی تاکەکەسی (PuL) ئێوە دەتوانن لە پێوەندی لەگەڵ زانیاریی تۆمارکراو لە شرۆڤەی بارودۆخی خۆتان لەلایەن ئەنجومەنی کەرتەوە ساڵی جارێک هەندێ زانیاریی بە خۆڕایی دەستەبەر بکەن. لێژنەی ئەنجومەنی کەرت بەرپرسایەتی راگرتنی ئەم زانیاریانەی بە ئەستۆیە. داواکاریی ئێوە دەبێت بە شێوەی نووسراوە و لەگەڵ واژۆی ئێوە خۆتان بێت؛ پاشان ئەوە بنێرن بۆ نوێنەر و بەرپرسی پاراستنی زانیاریی تاکەکەسی خۆتان. ئەگەر هەرجۆرە زانیارییەکی ناڕاست هەبوو دەتوانن لە ئەنجومەنی کەرت داوا بکەن بۆ چارەسەرکردنی ئەوە دەست بە کار بێت.

## پرسیارەکان

ئەگەر هەرجۆرە پرسیارێکتان سەبارەت بە یاساکانی پێوەندیدار بە زانیاریی نەخۆشەکان هەیە، دەتوانن پەیوەندی بکەن بە راوێژکارێکی پزیشکییەوە.
ئەگەر هەرجۆرە پرسیارێکتان لەسەر زانیاریی تاکەکەسی و نهێنی هەیە دەتوانن پەیوەندی بکەن بە بەرپرسی پاراستنی زانیاریە تاکەکەسیەکان. بە ژمارەی 00 80 58 0470 پەیوەندی بکەن بە ناوەندی تەلەفۆنی ئەنجومەنی کەرتەوە.
زانیاریی زۆر لە 1177.se/kronoberg و ژووری چاوەڕوانی ئێمەدا هەیە.